# پەنجەرەکانی فرووغی فەڕوخزاد



**و: حەمە رەسول حەسەنپوور**

فرووغ رێکەوتی 15ی بەفرانباری ساڵی 1316ی هەتاوی بەرامبەر بەچواری کانوونی دووەمی 1934ی زاینی لە گەڕەکی ئەمیر مبیدی تاران چاوی بەدونیای پڕ لە گێرەو کێشەو نابەرانبەری هەڵهێناوە. بەهۆی پیشەی باوکییەوە کە بەرپرسی زوییەکانی رەزا شای پەهلەوی بووماڵیان بۆ نەوشار چوو، تا تەمەنی پێنج ساڵان لەوێ مایەوەو پاشان بۆ تاران گەڕانەوە. لە پێشدا بردیانە باخچەی ساوایانی (ژاڵە)و پاشان لەگەڵ خوشکەکەی (پووران) لە قوتابخانەی (سرووش) هەڵکەوتوو لە شەقامی گومرگ (رازی) لە شەقامی بلوورسازی ناوی نووسیو پاشان بۆ دواناوەندیی (خوسرەو خاوەر) چوو.

یەکەم غەزەلی خۆی لە تەمەنی سێزدەسالاندا هۆنییەوە، پاشان بۆ هونەرستانی ژنانە چوو فێری خەیاتیو نیگارکێشانبوو و قوتابیی عەلی ئەسغەری بوتگەربوو. ساڵی 1329ی هەتاوی بەرامبەر بە 1950ی زایین لە تەمەنی شازدە سالاندا شووی بە پەروێزی داریووش (نەوەی پووری دایکی) کردو بۆ درێژەی ژیان بۆ ئەهواز چوو. تەنیاییو دووری لە بنەماڵەکەی زیاتر لە هەڵبەستی نزیك کردەوە تا ئەوەی دوای ساڵێك کوڕەکەی بەناوی کامیار لەدایکبوو. ئەو دوای منالبوونەکەی لە مێردەکەی جیابۆوەو لە بینینی تەنیا جگەرگۆشەی بێبەشکرا. لەو ساوە بەتەنیایی ژیانی بردەسەر.

فرووغ (ئەسیر)ی ساڵی 1942 لە تەمەنی هەڤدە ساڵیداو (دیوار)ی لە تەمەنی بیستو دوو ساڵیداو (عوسیان- یاخیگەری) لە تەمەنی بیستو سێ ساڵیداو (ماڵەکە رەشە)ی لە تەمەنی بیستو حەوت ساڵیداو (لەدایکبوونێکی تر)ی لە تەمەنی بیستو نۆ ساڵیدا هۆنییەوە.

فرووغ هەروەها لە بواری سینەماشدا تێکۆشانی هەبوو و یەکەم هەنگاوی ئەمکارەی لەگەڵ گوڵستان فیلم دانا. یەکەم بەرهەمی سینەمایی فرووغ بەناوی (ئاگرێك) لە ساڵی 1964دا لە دوازدەیەمین فیستیڤاڵی کورتە فیلم لە ئیتاڵیا خەلاتی ئالتوونی پێبەخشرا.

ساڵی 1959 بەمەبەستی بینینی خولی فیلمسازی بۆ ئینگلستان چوو، ساڵی 1960 دامەزراوی فیلمی کەنەدا داوای لە (گوڵستان فیلم) کرد کە لە مەراسیمی خوازبێنیکردن لە ئێراندا فیلمێك دروست بکاتو فرووغ تێیدا دەوری بینی. ساڵی 1961 لەگەڵ گوڵستان فیلمدا (ئاووگەرما)ی هێنایە بەرهەمو ساڵی 1962 دەنگ هەڵگرتن لە فیلمەکانی (شەپۆلەکان، مەرجانو خارا)ی ئەنجام داو ساڵی 1962 خەلاتی تایبەتی بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

ساڵی 1962 فرووغ فیلمێکی لە نەخۆشەکانی دووچاربوو بە گولیی گولخانەی شاری مەشەد دروستکردو ساڵی 1961 خەلاتی باشترین فیلمی بەلگەنامەیی پێبەخشرا. هەر ئەو ساڵە سەرپەرشتیو بەخێوکردنی کوڕی نوور محەمەد حوسیەنی لە گولخانەی مەشەد دا وە ئەستۆگرتو وەك جگەرگۆشەی خۆی پارێزگاریی لێدەکرد.

فرووغ لە بواری هونەری شانۆشدا تێکۆشاو ساڵی 1963 لە شانۆی (شەش کەسایەتی لە پەیدۆزی نووسەردا) یاریکرد. ساڵی 1964 (لەدایکبوونێکی دیکە)ی بەچاپگەیاندو ئەو ساڵەش لە فیلمی (خشتو ئاوێنە) هاوکاریی ئیبراهیمی گوڵستانی کرد.

فرووغ گەشتی زۆری بۆ ئالمانیا، ئیتالیا، فەرەنساو سوید کرد. ساڵی 1965 یۆنسکۆ فیلمێکی نیو سەعاتیی لە فرووغ دروستکردو بێرنناردۆ بێرتۆلۆچی فیلمێکی پازدە خولەکیی لێ بەرهەمهێنا.

فرووغ زمانەکانی: فەرەنسی، ئینگلیزی، ئیتالیایی، ئالمانی شارەزابوو، جگە لە هەڵبەستوانیو تێکۆشانی کاری سینەماو شانۆ، شانۆنامەی (جان)ی جێگەی رێز بەرهەمی بێرناردشۆو گەشتەکانی هینری میلێری وەرگێڕا.

دوایین کۆمەڵە هەڵبەستی فرووغ، کۆمەڵەی: (بەسەرەتای دەستپێکردنی وەرزێکی سارد ئیمان بێنین) بوو. فرووغ لە پێوەندی بەخۆیەوە وتوویەتی: (هەڵبەست پێویستی نا ئاگایانە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ لەناوچووندا. هەڵبەت جوونێکە تەواوم دەکات. بێئەوەی ئازارم بدات. هەندێك کەس بەنیازن کەمو کورتییەکانیان بەخەڵکی دیکە قەرەبوو بکەنەوە، ئەمە ناگونجێت.. ئەگەر بگونجابایە هەر ئەم پێوەندییە خۆی لە خۆیدا گەورەترین هەڵبەستی دونیاو بوون بوو، پێوەندیی دوو ئینسان هیچ کاتێ ناتوانێت تەواو یان تەواوکەر بێت بەتایبەتی لەم دەورانەدا..).

فرووغی فەرۆخزاد ئەو شاعیرە ئازاو ئاشنا بەدەردو کۆمەڵو نوێخوازە لە رۆژی 12ی شوباتی 1966 لە تەمەنی 32 ساڵیدا (بەهۆی لێدانی ماشێن) لە کاتێکدا هەزاران ئاواتو ئارەزووی لەدڵدا بوو، بەداخێکی گەلێك گرانەوە دڵە

هەرە گەورەکەی لە لێدان کەوت، بەڵام یادەوەرییەکانی هەرگیز لەیادی مرۆڤەکانو ئەوانەی فرووغ ئاسا بەشوێن پچڕاندنی کۆتو بەندەکانەوەن دەرناچێت، ئارامگای ئەم شاعیرە دڵفراوانە لەوپەڕی بێنازیدا لە گۆڕستانی (زەهیرولدەولە)ی شەمیرانی سەرووی (تاران)دایە. یادی بەڕێزبێت.

**دوای تۆ**

ئەی حەوت ساڵی

ئەی ساتەوەختی سەرسووڕهێنەری رێکەوتن

دوای تۆ هەرچی چوو لە کەشتییەکی چڕی نەزانیدا

چوو.

دوای تۆ پەنجەرەی رۆشنو زیندووی

پێوەندی

لە نێوان ئێمەو باڵندەدا

لە نێوان ئێمەو سرەودا

شکا

شکا

شکا

دوای تۆ بووکەڵە گڵینەکە

کە جگە لە ئاو، ئاو، ئاو

هیچی نەدەوت

نوقمی ئاوبوو.



دوای تۆ ئێمە زرەی زنجیرەکانمان کوشت

دڵمان سپاردە

دەنگی ئەو زەنگانەی لە پیتەکانی ئەلفوبێوە

هەڵدەستاو

دەنگی بۆقی کارخانەی چەکسازییەکان

دوای تۆ شوێنی یاریکردنمان بن مێزەکە بوو

لەبن مێزەکانەوە

بۆ پشتەوەی مێزەکان

و لە پشت مێزەکانەوە

گەیشتینە سەر مێزەکانو

لە سەر مێزەکان یاریمانکرد

دۆڕاندمان، رەنگی تۆمان دۆراند، ئەی حەوت ساڵی.

دوای تۆ ئێمە خیانەتمان لە یەك کرد

دوای تۆ گشت یادەوەرییەکانمان
بە پارچەی قورقوشم، بە دڵۆپە پرژاوەکانی خوێنمان
بە لا جانگە گەچکارییەکانی کۆڵانەکان سڕییەوە.
دوای تۆ چووینە مەیدانەکان‌و
هاوارمانکرد:
(بژی
بمرێ)
لە هاتوو هاواری مەیداندا، چەپڵەمان
بۆ وردە پارەی گۆرانی چڕەکە
کە بە زیرەکییەوە بۆ دیتنی شار هاتبوو،
لێدا.
دوای تۆ ئێمە کە بکوژی یەکتربووین
داوەریمان بۆ عەشق کرد
هەروەك دڵمان لە گیرفانەکانمان نیگەران بوو
داوەریمان بۆ بەشی عەشق کرد

دوای تۆ ئێمە ڕوومانکردە گۆڕستانەکان‌و
مردن لە ژێر عەبای داپیرەدا هەناسەی دەداو
مردنی ئەو درەختە مەزنەبوو
کە زیندووەکانی ئەم لایەی دەسپێك
داوای حاسڵبوونی مرادیان
لە لق‌و پۆپە خەمناکەکانیدەکردو
مردووەکانی ئەودیوی کۆتایی
چنگیان لە ڕەگە فۆسفۆرییەکەی دەدا،
مردن لە سەر ئەو گومبەزە پیرۆزە نیشتبوو
کە لە پڕ لە چوار سووچەکانیدا چوار هەلآڵەی شین
هەڵبوون.
دەنگی با دێت
دەنگی با دێت، ئەی حەوت ساڵی.

هەستام‌و ئاوم نۆشی‌و
لە پڕ بیر خۆم هێنایەوە
کە کێڵگە گەنجەکانت چۆن لە هێرشی

کللۆکان ترساون.
دەبێت تا چەند
گیان ببەخشین
دەبێت چەندە
بۆ گەشەی ئەم سێ سووچە کۆنکرێتییە
گیان ببەخشین؟!
ئێمە هەرچی پێویستبوو بیدەین، لە دەستماندا وە
ئێمە بێ چرا وەڕێکەوتووینو
مانگ، مانگ، هەوێنی میهرەبان لەوێ بوو
لە بیرەوەریی منالآنەی بانێکی سواغ دراوو
بەسەر کێڵگەکانی گەنجیدا کە لە هێرشی کللۆکان
دەترسان
چەندە دەبێت گیان ببەخشین؟...
چەندە..؟!

## پەنجەرە

پەنجەرەیەك بۆ بینین
پەنجەرەیەك بۆ بیستن
پەنجەرەێك وێنەی زالکی، بیرێكو
لە کۆتایی خۆیدا بەدڵی زەوی دەگات
بەرەو پانتایی میهرەبانی دیسانەوەی
رەنگ شین
والآ دەبێت
پەنجەرەیەك کە دەستە بچووکەکانی تەنیایی
لە بەخشینی عەتری شەوانەی ئەستێرە دڵوالآکان
لێو رێژ دەکات.
دەکرێت لەوێوە هەتاو بۆ غەریبی گوڵە شەمدانییەکان
بانگ بکرێت،
پەنجەرەیەك بۆم کافییە.
من لە وڵاتی بووکە شووشەکانەوە دێم
لە ژێر سێبەری درەختە کاغەزییەکانەوە
لە باخی پەرتووکێکی وێنەدارەوە
لە وەرزی وشکهەڵاتووی ئەزموونە نەزۆکەکانی برایەتیو

عەشقەوە
لە کۆڵانە خاکییەکانی بێتاوانییەوە
لە ساڵانی گەشەی پیتە رەنگ بزرکاوەکانی ئەلف و بێ
لە پشت مێزەکانی قوتابخانەیەکی قرخنەوە
لەو ساتەوەختەی منالەکان توانییان
لە سەر تەختە رەشەکە پیتی (بەرد) بنووسن و
ریشۆلە پەشۆکاوەکان لە سەر درەختە پیرەکە فڕین

من لە نێو بنج و بناوانی گیا گۆشت خۆرەکانەوە دێم و
مێشکم تا ئێستاش
لێو رێژ لە دەنگی ترسانی پەپوولەیەکە
بەدەرزی لە لاپەڕەی
دەفتەرێکدا لە خاچ درابوو.
کاتێکی بیرم لای شلە پەتی هەڵواسراوی
دادپەروەریبوو و
لە هەموو شاردا
دڵی چراکانمیان لەت لەت کرد.
کاتێکی چاوی منالی عەشقەکەمیان
بە دەسرۆکەی رەشی یاسا بەست و
خوێن بە لاجانگە نیگەرانەکانی ئاواتمدا
لووزەوی کرد
کاتێکی ژیانم ئیتر
شتێ نەبوو جگە لە تیک تاکی سەعاتێکی
دیواری
زانیم دەبێت، دەبێت، دەبێت
شێتانە خۆشم بوێت.

پەنجەرەیەك بۆم کافییە
پەنجەرەیەك بۆ بەئاگابوون سەیری بێدەنگی
ئێستای نەمامی دارگوێزەکە
هێندە بەرزبۆتەوە کە دیوارەکە بۆ گەڵا سەوزەکانی
شی دەکاتەوە
لە ئاوێنە پرسیار بکە

ناوی رزگاریدەرەکەت
گەلۆ زەوی کە لەژێر پێیانت دەلەرزێت
لە تۆ تەنیا تر نییە؟
پەیامبەرەکان، پەیامی وێرانییان
لەگەڵ خۆیاندا بۆ سەدەی ئێمە هانی؟!
ئەم تەقینەوە یەك لە دوای یەکانەو
ئەم هەورە ژاراوییانە،
گەلۆ دەنگدانەوەی ئەم ئایەتە جێگەی ڕێزانەن؟!
ئەی هاوڕێ، برا، هاوخوێن
کاتێ گەیشتییە مانگ
مێژووی کوژرانی بەکۆمەڵی گوڵەکان بنووسە،
هەمیشە خەونەکان
لە بەرزیی ساکاریی خۆیانەوە دەکەونە خوارەوەو
دەمرن
بۆنی شەوەرێکی چوار گەڵایی دەکەم
کە لەسەر گۆڕی واتا کۆنەکان رواوە
گەلۆ ئەو ژنەی لە کفنی چاوەڕوانیو پاکیی خۆیدا نێژراوە
گەنجێتی من بووە؟
ئایا دیسانەوە من بەپەیژەی پرسیارێکدا
سەردەکەوم؟
بۆ ئەوەی سڵاو لە خواوەندی باش کە لە سەربان
پیاسە دەکات، بکەم.
هەستپێدەکەم کاتەکە تێپەڕیوە
هەستپێدەکەم (ساتەوەخت)ی بەشی من
لە گەڵاکانی مێژوویە
هەستپێدەکەم هێز مەودایەکی درۆزنە لە نێو
قژەکانی منو دەستی ئەم بێگانە خەمناکەدا
قسەم لەگەڵ بکە
ئایا ئەوەی میهرەبانی تەرمێکی زیندووت
پێ دەبەخشێت
جگە لە دەرك پێکردنی هەستی زیندووبوون چیی لێت گەرەکە؟
قسەم لەگەڵ بکە

من لەپەنا پەنجەرەکەمدا
پێوەندیم بە هەتاوەوەیە.

## کەسێکی چەشنی هیچ کەس نییە

من خەونم دیوە یەکێك دێت
من خەونم بە ئەستێرەیەکی سوورەوە دیوەو
هەر پێڵوی چاوم دەپەڕێتو
پێڵاوەکانم جووت دەبنو
کوێر دەبم
ئەگەر درۆ بکەم.
من خەونم بەو ئەستێرە سوورەوە
کاتێ نەخەوتبووم دیوە
یەکێك دێ
یەکێك دێ
یەکێکی دیکە
یەکێکی باشتر
یەکێکی وەك هیچ کەس نییە، وەك باوکم نییە، وەك
ئینسی نییە، وەك یەحیا نییە، وەك دایکم نییەو
وەك یەکێکە کە پێویستە ببێت
هەنگاوەکانی لە درەختەکانی ماڵی بەنناش درێژترە
دەمووچاوی لە دەمووچاوی ئیمامی زەمانیش ڕۆشنترە
لە براکەی سەید جەوادیش
کە ڕۆیشتووە
بەرگی پۆلیسیی پۆشیوە ناترسێت
لە سەید جەوادیش کە گشت ژوورەکانی ئێمە
هی ئەون، ناترسێت،
ناوەکەی هەروەك دایکم
لە سەرەتای نوێژو کۆتاییەکەیدا هاواری دەکاتێ:
یا (قارنی یەلقوزات)ە
یا (حاجەتولحاجات)ە
دەتوانێت گشت پیتە دژوارەکانی کتێبی
پۆلی سێیەم
بە چاو بەستراوی وەخوێنێ و

دەتوانێت تەنانەت هەزار

بێئەوەی کەم بکات لە بیست ملیۆن لابەرێو

دەتوانێت لە دووکانەکەی سەید جەواد، هەرچی پێویستی بێت

بە قەرز هەڵیگرێت

دەتوانێت ئیشێکی ئەوتۆ بکات گلۆپی (ئەڵلا)

کە سەوزبوو، وەك سەلاّی سبەینێ سەوزبوو

دیسانەوە لەسەر ئاسمانی مزگەوتی میفتاحیان

رۆشن بێتەوە،

ئاخ..

رۆشنایی چەندە باشە

رۆشنایی چەندە باشە

من چەندە حەزدەکەم

یەحیا

عارەبانەیەکی هەبێتو

چرا فانۆسێکو

من چەندە حەزدەکەم

لەسەر عارەبانەکەی یەحیا لەسەر شووتیو

کاڵەکەکان دانیشمو

بە دەوری مەیدانی محەمەدییەدا بگەڕێم

ئاخ..

بە دەوری مەیداندا گەڕان چەندە باشە

نووستن لە سەربانی چەندە باشە

چوون بۆ باخی گشتی چەندە باشە

تامی پیپسی چەندە باشە

سینەمای فەردین چەندە باشە

من چەندە حەز لە شتی باشدەکەم

من چەندە حەزدەکەم

قژی کیژەکەی سەید جەواد راکێشم،

بۆچ من هێندە بچووکم

کە لە شەقامدا گوم دەبم

بۆچ باوکم کە هێندە بچووك نییەو

لە شەقامیشدا گوم نابێت

کارێکی وا ناکات ئەوەی هاتۆتە خەوم

رۆژی هاتنەکەی پێش بخاتو
خەڵکی گەڕەکی کوشتارگا
کە گڵی باخچەکانیان خوێناوییە
ئاوی حەوزەکانیان خوێناوییە
ژێر پێڵاوەکانیان خوێناوییە
بۆچ کارێك ناکەن
بۆچ کارێك ناکەن؟!.
هەتاوی زستان چەندە تەوەزەلە
من پلیکانەکانی سەربانم ماشتووەو
شووشەی پەنجەرەکانم شوشتووە.
بۆچ باوکم دەبێت تەنیا
لە خەودا خەو ببینێت؟
من پلیکانەکانی سەربانم ماشتووەو
شووشەی پەنجەرەکانم شوشتووە.
یەکێك دێت
یەکێك دێت
ئەوەی لە دڵەوە لەگەڵمانە، لە هەناسەیدا لەگەڵمانە،
بە دەنگ لەگەڵمانە
یەکێکی ناکرێ هاتنەکەی
بگیرێتو کەلەبچە بکرێتو بخرێتە بەندیخانەوە
یەکێکی لە ژێر درەختە دێرینەکانی یەحیا منالی بووە
رۆژ بەڕۆژ
گەورە دەبێت،
یەکێك لە باراندا، لە دەنگی چۆرەچۆڕی باراندا، لە نێو
سرتە سرتی گوڵە ئەتڵەسییەکاندا
یەکێکی بە ئاسمانی (تۆپخانە)دا، لە ئاگرباراندا
دێتو
سفرەکە رادەخاتو
نانەکە دابەش دەکاتو
پیپسی دابەش دەکاتو
باخی گشتی دابەش دەکاتو
شروبی کۆکە رەشە دابەش دەکاتو
رۆژی ناونووسین دابەش دەکات

ژمارەی خەستەخانە دابەش دەکاتو
چەکمەی لاستیق دابەش دەکاتو
سینەمای فەردین دابەش دەکاتو
درەختەکانی کیژەکەی سەید جەواد دابەش دەکاتو
هەرچی دەماسێت دابەشی دەکاتو
بەشی ئێمەشی لیَ دەدات
من خەونم دیوە...

---

1.مەبەستی مەیدانی تۆپخانەی تارانە (و).

تەنیا دەنگە دەمێنێتەوە

بۆچ راوەستم، بۆچ؟
باڵندەکان بەشوێن ئاودا چوون
ئاسۆ ئەستوونییە
ئاسۆ ئەستوونییەو بزووتنی چەشنی فەوارەو
لە سنووری بۆچووندا
ئەستێرە نوورانییەکان دەسووڕێن
زەوی لە بەرزیدا بەدووپاتبوونەوە دەگاتو
بیرە هەواییەکان
تێکەڵی گونجەکانی پێوەندی دەبنو
رۆژێکی بەرینە
کە لە بیروهزری تەنگی کرمی رۆژنامەدا ناگونجێت
بۆچ راوەستم؟
رێگە بەنێو دەمارە باریکەکانی ژیاندا تێپەڕدەبێت
چۆنیەتی دەورووبەری کەشتیی مناڵدانی مانگ
توخمە خەراپبووەکان دەکوژێتو
لە بۆشایی کیمیایی دوای هەتاوکەوتن
تەنیا دەنگە دەنگ
دەچێتە نێو وردەکانی زەمەنەوە..
بۆچ راوەستم؟
زەلکاو دەتوانێت چ بێت
دەتوانێت چ بێت جگە لە جێگەی گەرا ناشتنی مێرووی

گەندەڵی
تەرمە هەڵاساوەکان بیروهزری ساردخانەکان هەڵدەدەنەوە.
ناپیاو، لە تاریکاندا
ناپیاوەتییەکەی شاردۆتەوەو
قالۆنچە.. ئاه
کاتێك قالۆنچە دەپەیڤێت..
بۆچ راوەستم؟
هاوکاریی پیتە سووربییەکان بێهودەیە.
هاوکاری پیتە سوربییەکان
ئەندێشەی بچووك رزگارناکات،
من لە تۆرەمەی درەختەکانم
هەڵمژینی هەوای پیس خەمناکم دەکات
ئەو باڵندەی مردووە ئامۆژگاریی کردم
بۆ ئەوەی فێری فرین بم
کۆتایی گشت هێزەکان تێکەڵبوونە، تێکەڵبوون
بە ریشەی رۆشنی هەتاودا
بە ڕژان بەسەر ئاوەزی رووناکیدا
سروشتییە
کە ئاشە (با)کان دەپوێن
بۆچ راوەستم؟
من هێشووە نەگەیووەکانی گەنمو
شیردەدەم
دەنگ، دەنگ، تەنیا دەنگ
دەنگی تکای شەفافی ئاو بۆ هەڵڕژان
دەنگی رژانی رووناکی بەسەر لێواری هێلکەدانی خاکدا
دەنگی بەستنی گەرای واتاو
کردنەوەی هزری هاوبەشی عەشق
دەنگ، دەنگ تەنیا دەنگە دەمێنێتەوە.
لە ولاتی کورتەبالاکان
پێوانەکانی خەملاندن
هەمیشە لەسەر تەوەرەی سفردا سووڕاون
بۆچ راوەستم؟
من هەمیشە گوێڕایەڵی چوار عونسورەکەمو

کاری ڕێکخستنی پرۆگرامی دڵم
کاری حکوومەتی ناوچەیی کوێران نییە
من چ ئیشێکم بە لوورەی دوورودرێژی ترسان
لە ئەندامی زاوزێی گیانەوەرەیە؟
من چ ئیشێکم بە جووڵەی کرمی بێبایەخە؟
بنەماڵەی خوێناویی گوڵەکان بە ژیان بەڵێندەری کردووم
بنەماڵەی خوێناویی گوڵەکانن دەزانن

## زگم بە باخچەکە دەسووتێت

کەس لە بیری گوڵەکان نییە
کەس لە بیری ماسییەکان نییە
کەس نایەوێ بڕوابکا
باخچەکە خەریکە دەمرێ
کە دڵی باخچەکە لە ژێر هەتاوا ئاوساوە
کە مێشکی باخچە خەریکە لەسەرخۆ
لە بیرەوەرییە سەوزەکان بەتاڵ دەبێتو
هەستی باخچەکە دەڵێی
شتێکی تەنیایە کە لە گۆشەگیریی باخچەدا
پوواوە.
حەوشی ماڵەکەمان تەنیایە
حەوشی ماڵەکەمان
لە چاوەڕوانیی هەورێکی نەناسراودا
باوێشك دەدات
حەوزی ماڵەکەمان خاڵییە
ئەستێرە وردە بێ ئەزموونەکان
لە بەرزیی درەختەکانەوە دەکەونەخوار
لە نێو پەنجەرە ڕەنگ بزرکاوەکانی خانووی ماسییەکانەوە
شەوانە دەنگی پژمین دێت،
حەوشی ماڵەکەمان تەنیایە.
باوکم دەڵێ:
(لە من گوزەراوە
لە من گوزەراوە
من باری خۆم بردو

کاری خۆم کرد)
لە بەیانی تا ئێوارە لە ژوورەکەیدا
یان (شانامە) دەخوێنێتەوە
یان (ناسیخ ئەلتەورایخ)
باوکم بە دایکم دەڵێت:
(لەعنەت لە هەرچی ماسیو هەرچی پەلەوەرە
کاتێ من بمرم ئیتر
فەرقی چییە باخچە هەبێت
یان باخچە نەبێت؟
مووچەی خانەنشینیەکەم بۆ من کافییە)
دایکم هەموو ژیانی
بەرماڵێکی راخراوە
لە شیپانەی ترسانی دۆزەخ
دایکم هەمیشە لە بنجی هەموو شتێکدا
بەشوێن جێگەی پێی تاوانێکدا دەگەڕێتو
وا بیردەکاتەوە باخچەکە بە کوفری بنچکە گیایەك
پیس بووە.
دایکم هەموو رۆژەکە دوعاو نزایەتی
دایکم تاوانباری سروشتییەو
فوو لە گشت گوڵەکان
لە گشت ماسییەکانو
لە خۆیشی دەکات
دایکم لە چاوەڕوانی دەرکەوتندایە[1]

---

1.دەرکەوتنی مەهدی (و).

ئەو لێبوردەییەی کە لە ئاسمان
دێتە خوارەوە.
براکەم بە باخچە دڵی گۆڕستان
براکەم بە پشێویی گژوگیا پێدەکەنێتو
لە تەرمی ماسییەکان

که لەژێر پێستی نەخۆشیی ئاودا
دەگەنن
ژمارەیان لیَ هەڵدەگرێت.
براکەم گیرۆدەی فەلسەفەیە
براکەم چاکبوونەوەی باخچە
لە لەناوبردنی باخچەکە دەزانێت.
ئەو سەرخۆش دەبێتو
مست لە دەرودیوار دەداتو
هەوڵدەدا بڵیَ
زۆر دەردەدارو ماندوو و بیَ هیوایە
ئەو بیَ هیواییەکەشی
هەروەك ناسنامەو رۆژژمێرو دەسرۆکەو فەندەکو
خودکارەکەی
لەگەڵ خۆیدا بۆ شەقامو کۆلاّن دەباتو
بیَ هیواییەکەی
هێندە بچووکە هەموو شەویَ
لە قەرەباڵخیی مەیخانەدا گوم دەبێت.
خوشکەکەم کە برادەری گوڵەکانبوو و
قسە سادەکانی دڵی
کاتیَ دایکم لیَ دەدا
دەبرە کۆڕی ئارامو میهرەبانیی ئەوانو
جار جار بنەماڵەی ماسییەکانی بۆ میوانی
بۆ هەتاو و شیرینی بانگدەکرد..
ئەو ماڵەکەی لەوپەڕی شاردایە
ئەو لە نێو خانووە دەستکردەکەی
لەگەڵ ماسییە سوورە دەستکردەکانیو
لە پەنا عەشقی مێردە دەستکردەکەیداو
لەژێر لقوپۆپی دار سێوە دەستکردەکان
گۆرانیی دەستکرد دەچرێتو
مناڵی سروشتی دروستدەکات
ئەو
هەر کاتیَ بۆ دیدەنیی ئێمە دێتو
گۆشەی داوێنی بە ڕووتو رەجاڵی باخچە پیس دەبێت

حەمامی قۆلۆنیا دەگرێت
ئەو
هەر کاتێ بۆ دیدەنیمان دێت
دووگیانە.
حەوشەی ماڵەکەمان تەنیایە
حەوشەی ماڵەکەمان تەنیایە
هەموو رۆژێ
لە پشت دەرگاوە دەنگی پارچە پارچەبوون دێتو
تەقینەوە
دراوسێکانمان گشتیان لە باخچەکەیاندا بە جێگەی
گوڵ
خۆمپارە ورە شاش دەچێنن
دراوسێکانمان گشتیان سەرپۆش لەسەر
حەوزە کاشییەکانیان دادەنێنو
حەوزە کاشییەکان بێئەوەی
خۆیان بیانەوێت
مەخزەنی نهێنیی بارووتنو
مناڵە وردیلەکانی قوتابخانەکەمان جانتاکانیان
لە بۆمبی بچووك
پڕکردووە.
حەوشەی ماڵەکەمان چۆڵە.
من لەو زەمەنەی
دڵی خۆی گوم کردووە دەترسم
من لە وێنەی بێهوودەیی ئەم هەموو دەستانەو
لە هێنانە بەرچاوی ئەم هەمووە دەمووچاوە بێگانەیە دەترسم
من چەشنی قوتابییەکی
وانەی ئەندازەکەی
شێتانە خۆشدەوێت دەترسمو
بیردەکەمەوە دەشێت باخچە بۆ خەستەخانە
ببردرێت.
من بیردەکەمەوە..
من بیردەکەمەوە..
من بیردەکەمەوە..و

دڵی باخچە لە ژێر هەتاوا ماسیوە
مێشکی باخچە خەریکە لەسەرخۆ
لە بیرەوەریی سەوزەگیاکان خاڵی دەبێت.

**باڵندە دەمرێت**

دڵم گیراوە
دڵم گیراوە
بۆ هەیوان دەچمو دەستم
بەسەر پێستی راکێشراوی شەودا دێنم
چراکانی پێوەندیی تاریکن
چراکانی پێوەندیی تاریکن
کەس من بەهەتاو
ناناسێنێت.
کەس بۆ میوانی چۆلەکەکانم نابات
فڕین فێربە
باڵندە دەمرێت..

**سەرچاوە:**

(مجموعە اشعار فروغ فرخزاد)
کۆمەڵە هۆنراوەی فرووغی فەروخزاد.